کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-8-2007 14:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ بەڕێز ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ئاوێنە، چاودێر، هەواڵ .. بابەت: بەدوچوونی گەندەڵی ... گۆران هەمەوەندی

سڵاوێکی گەرم

بەرێزان ئێوە خۆتان بە ڕۆژنامەی ئازاد لەقەڵەم ئەدەن، ئەلیَن ئامانجمان ئاشکراکردنی گەندەڵیە، باشە ئەگەر وایە لەم ڕۆژانە لەکوردستانی نوێ نوسرابوو (74) سەیارە لە صحەی سلێمانی بە (40) ملیۆن فرۆشراوە وە لە ولاّم دا وەزیری تەندروستی ئەڵێت من ئاگام لی نیە.

ئایە بەڕێزان بۆ بەدواداچونێکتان بۆ نەکرد، ئایە نەتان زانی ئەو برادەرەی کە کڕیویەتی تەنها لە هەمان شوێن دوای چەند سعاتێك (20) لەو سەیارانەی بە (160) ملیۆن فرۆشت یەك مەکینەی سەیارە بە (5000) دۆلار فرۆشت. ئایە نەتان زانی کە ئاسایش بەڕێز وەستا حەسەن لێژنەکەی گرت، بڕیار بوو سەرۆکی صحە بگری بەلاّم بەڕێز کاك بافڵ تەداخولی کردوو دۆسەکە داخرا، ئایە نەتان زانی قازانجی ئەو برادەرە (600) شەشسەدملیۆن دینار بوو؟

ئایە ئەمە گەندەلی نیە؟

ئایە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم سەیارانەی بە (35) ملیۆن دینارتخمین کردبوو اجرائاتی لەگەڵ نەکرا کە ناوی (محمود قسیم) ە چونکە شەریکی کاك دکتۆر شێرکۆیە ئەی ئێوە بۆ بەدوواداچونی بۆ ناکەن لەبەر ئەوەی وەکو خۆتان ڕۆژنامەنووسە یاخود ناوێرن چونکە پاڵپشتی هەیە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.